https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.269

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ رۆڵی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان لە پەرەپێدانی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگای سلێمانی دا

**م. عطا حمەلاو حمەیوسف**

univsul.edu.iq@ata.hama

**پ. جەزا تۆفیق تالب**

univsul.edu.iq@jaza.talib

**بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق**

## پوختە:

بەرهەمی بەرووبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان بە بەشێکی گرنگیی بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵیی پارێزگای سلێمانی دائەنرێن، بە هۆی رۆڵیان لە دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان. واتە پێشکەوتن و پەرەپێدانی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان پەیوەندییەکی پتەوی بە گەشەپێدان و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵیی و بەرووبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانەوە هەیە، لەم روانگەیەوە ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لە روونکردنەوەی رۆڵی بڕی بەرهەمی بەرووبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان لەسەر پەرەپێدانی دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا ئەبینێتەوە. توێژینەوەکە میتۆدی شیکردنەوەی وەسفیی و ئامارییی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی بابەت و ئەو داتا و زانیارییە تۆمارکراوە فەرمییانەی پشتییان پێبەستراوە. توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، لە گرنگترینیان بریتین لەوەی بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە جگە لە بەروبوومی «لۆکە-پەموو» تەواوی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانی تر بڕی بەرهەمەکەیان زیادیکردووە و هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی خواست لە سەر بەرهەمەکەیان لە دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان دا، هەروەها لە ناوچەی توێژینەوە دا سەرجەمی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان جگە لە بەروبوومی «لۆکە» وەک کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی خۆراکیی لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا پشتیان پێ ئەبەسترێت؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لاوازیی جۆری پیشەسازییە کشتوکاڵییە ناخۆراکییەکان لە پارێزگای سلێمانی دا، بێگومان دەرئەنجامە بە دەستهاتووەکانی توێژینەوەیەکە یارمەتیدەرێکی گرنگ ئەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە دامەزراندنی ئەم جۆرە پیشەسازییانەدا رەچاوی دابەشبوونی جوگرافی بەرهەمهێنانی ئەم بەروبوومانە بکرێت و ئەو یەکە کارگێڕییانە (قەزایانە)ی مەڵبەندی سەرەکیی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە بەروبوومانەن لە پێشتربن بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە پیشەسازییانە و، کار بکرێت بۆ هاندانی جوتیاران بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەروبوومی «لۆکە»، کە یەکێکە لە گرنگترین بەرووبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان.

**کلیلە وشەکان: بەروبوومە کێڵگەییەکان، پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان، پەرەپێدانی پیشەسازیی، پارێزگای سلێمانیی.**

Recieved: 4/4/2023
Accepted: 10/5/2023

# پێشەکیی

پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان رۆڵێکی گرنگییان لە دابینکردنی پێداویستییە خۆراکیی و ناخۆراکییەکانی دانیشتوان و ساغکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان هەیە، ئەمەش وایکردووە ئەم پیشەسازییانە وەك گرنگترین جۆری پیشەسازیی نیشتیمانیی تەماشا بکرێن، لە وڵاتە تازە پێگەشتووەکان دا کاری لە پێشینەیی ئابوریی دەوڵەت بریتیە لە گرنگییدانی زیاتر بەم جۆرە پیشەسازییانە، چونکە، رۆڵیان لە رێگرییکردنی کۆچی دانیشتوانی گوندنشین بۆ شارەکان هەیە، لە رێگەی هاندانی جوتیارانەوە بۆ کارکردن لە زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بەگشتیی و بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان بە تایبەت؛ ئەمەش هاندەر ئەبێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك لە وڵاتدا، هەروەها گرنگییدان بەم جۆرە پیشەسازییانە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر بەدیهاتنی پرۆسەی تەواوکاری کشتوکاڵیی – پیشەسازیی ئەبێت. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دەرخستنی دابەشبوونی جوگرافیایی و کاریگەریی بەرووبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان لەسەر پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان و پەرەپێدانییان لە پارێزگای سلێمانی دا.

کێشەی توێژینەوەکە، لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە ئایا لە رووی بڕی بەرهەمی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانەوە یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە وەك یەکن یاخود جیاوازیی لەنێوانیاندا هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکە: بریتیە لە خستنەڕووی ئاستی بەرهەمهێنان و هۆکارەکانی پشت زیاد و کەمیی بڕی بەرهەمی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان و بەکارهێنانیان لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا لە ناوچەی توێژینەوەدا. ئەمەش لە رێی دەرخستنی جۆر و بڕی بەرهەمی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان و دابەشبوونی جوگرافییان و رادەی بەکارهێنانیان لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە کار لەسەر گریمانەیەک ئەکات کە وەڵامێکی سەرەتاییە بۆ کێشەی توێژینەوەکە، ئەویش ئەوەیە لە رووی بڕی بەرهەمی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانەوە یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە بەهۆی جیاوازی رووبەری (زەویی) شیاو بۆ کشتوکاڵکردن.

لە پێناو گەیشتن بە دەرەنجامی دروست لە توێژینەوەکەدا میتۆدی (شیکردنەوەی وەسفیی و ئاماریی) بەکارهێنراوە لە پێناوی وەسفکردن و شیکردنەوە و بەراوردکردنی داتاکان. پلانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و چەند تەوەرێك و ئەنجام و راسپاردە و چەند خشتە و نەخشەیەك، ئەوەی تایبەتە بە تەوەری یەکەم بریتیە لە بەروبوومە دانەوێڵەییەکان (گەنم و جۆ) و تەوەری دووەم تایبەتە بە بەرووبوومە رۆنییەکان ( گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە)، تەوەری سێیەم تایبەتە بە بەروبوومی سەلکدار (پەتاتە) و تەوەری چوارەم بۆ بەروبوومی سەوزەوات (تەماتە) و تەوەری پێنجەم بۆ بەروبوومی ئالییکی (وێنجە) و تەوەری شەشەم و کۆتایی تەرخانکراوە بۆ بەروبوومی ریشاڵیی (لۆکە). لە کۆتایشدا لەبەر رۆشنایی ئەو تەوەرانەدا گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## سنووری ( ناوچەیی و کاتی ) توێژینەوەکە:

سنوری ناوچەیی توێژینەوەکە بریتییە لە پارێزگای سلێمانی (جگە لە ئیدارەی گەرمیان)، کە پێکدێت لە (١٢) قەزا (قەزای بازیان لەسەر قەزای سلێمانی ئەژمارکراوە) لە رووی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٤٨″ ٢٨′ °٣٦ - ٣٤″ ٥٥′ °٣٤)ی نیوەگۆی باکووریی زەوی و نێوان هەر دوو هێڵی درێژی ( ٠٠″ ٢٢′ °٤٦ - ٠٠″ ٣٢′ °٤٤)ی خۆرهەڵات، لە رووی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیشەوە دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی عێراقەوە، لە بەشی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی بریتیە لە وڵاتی ئێران، لەبەشی باشووری خۆرهەڵاتی بریتیە لە پارێزگای هەڵەبجە، بەشی باکوورو باکووری خۆرئاوای پێکدێت لە پارێزگای هەولێر، لە باشووری خۆرئاوای پارێزگای کەرکووکە، بەشی باشووریشی بریتییە لە ئیدارەی گەرمیان، بڕوانە نەخشەی (١)، کۆی رووبەری گشتی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا بریتی بووە لە (١٤٢٨٠)کم٢ و ئەم روبەرەش (١٧٪)ی کۆی گشتی رووبەری کارگێڕیی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە، لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە هەمان ساڵدا ژمارەکەی بریتی بووە لە (٢٠٥٤٢٥٦)کەس و رێژەی (٣٣,٣٪) کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە)

سنووری کاتی توێژینەوەکە بریتییە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١) پشتبەست بەو داتا و زانیارییە فەرمییانەی بەشێوەیەکی رێك و درووست لەلایەن دام و دەستگا فەرمییەکانەوە تۆمارکراون، بەڵام ئەو زانیارییانەی بەشێوەی مەیدانیی (کێوماڵیی) لە لایەن توێژەرەوە وەرگیراون ئەگەڕێنەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٢)




نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی پارێزگای سلێمانیی و یەکە کارگێڕییەکانی بەپێی هەرێمی کودرستان و عێراق

سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS ١٠,٢)، پشتبەست بە نەخشەی بنەڕەتیی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانیی، ساڵی ٢٠٢٠.

# ناساندنی چەمکەکان:

## چەمکی بەروبوومە کێڵگەیە پیشەسازییەکان

مەبەست لە بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکان بریتییە لەو بەروبوومە رووەکییانەی، کە هەمووی یان بەشێکی بەکارئەهێنرێت لە پیشەسازییە جیاوازەکاندا، چ پیشەسازی خۆراکیی بێت یان پیشەسازیی جل و بەرگ و پیشەسازی پزیشکیی یان پیشەسازییەکانی تر، ئەم جۆرە بەروبوومە کشتوکاڵییانە بەوە ئەناسرێن پێویست ئەکات هەموو ساڵێك پرۆسەکانی بەرهەمهێنانیان ( لە ئامادەکردنی زەوییەوە تا ئەگاتە دروێنە) دووبارە بکرێتەوە، هەروەها رووبەری چێنراو بەم بەرووبوومانە زۆرترین رووبەری زەوی چێنراو پێك ئەهێنێت بە بەراورد بە بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی تر، یەکێکیی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەروبوومانە ئەوەیە ئەتوانرێت بەرهەمەکانییان بۆ ماوەیەکی زیاتر هەڵبگیرێت( اخرون، ٢٠١٠، ١٥)، بەشێکی زۆری وڵاتان وەك بەروبوومێکی ستراتیجی گرنگ تەماشای ئەم جۆرە بەروبوومانە ئەکەن و بەپێی پلانێکی فراوانی درێژمەودا کار بۆ زیادکردنی بڕی بەرهەمییان ئەکەن، چونکە ئەم بەروبوومانە گرنگییەکی گەورەیان هەیە لە پرۆسەی پەرەپێدانی پیشەسازی بە گشتی و پیشەسازییە کشتوکاڵییە خۆراکییەکان بە تایبەتیی، ئەمە سەرەڕای گرنگیی ئەم جۆرە بەروبوومانە لە پرۆسەی تەواوکاریی کشتوکاڵیی- پیشەسازیی دا، بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەو بەروبوومە کێڵگەییانە وەرگیراوە لە ناوچەی توێژینەوەدا ئەچێنرێن و بڕی بەرهەمییان هەیە و لەلایەن دام و دەستگا پەیوەندییدارەکان بڕی بەرهەم و رووبەری چێنراوییان تۆمارکراوە.

## چەمکی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان:

بەشێوەیەکی گشتیی چالاکییە پیشەسازییەکان بە بەشێکی گرنگی کەرتی ئابوریی لە هەموو وڵات و هەرێمێکدا دائەنرێن؛ بەهۆی دابینکردنی پێداویستییە خۆراکیی و ناخۆراکییەکانی دانیشتوانی ئەو وڵات و هەرێمە، یەکێك لە دیارترین جۆری چالاکییە پیشەسازییەکان بریتییە لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان، کە بەرهەمەکانیان راستەوخۆ ئەچنە خزمەتی دانیشتوان و بەرهەمی ئەم جۆرە پیشەسازییانە ئەکرێت خۆراکیی بێت وەك گۆڕینی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی بۆ بەرهەمە خۆراکییەکان وەك گۆڕینی گەنم بۆ ئارد، ئەکرێت ناخۆراکیی بێت وەك گۆڕینی خاوی لۆکە بۆ جل و بەرگ، کەواتە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان بەشێکن لە پیشەسازییە گۆڕاوەکان و بەرهەمی (دەرهاتە - المخرجات)ی ئەم جۆرە پیشەسازییانە پشت بە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی ئەبەستن لە پێناوی دەستکەوتنی بەرهەمێك شیاوی بەکارهێنان بێت، یان لەپێناوی بەدیهێنانی سوودێکی ئابوریی نوێدا، کە بتوانێت بە بەردەوامی پێداویستییە خۆراکییەکانی مرۆڤ پڕبکاتەوە ( محمد، ٢٠٠٦، ١٥-١٧)، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو شێوەیە پێناسەی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان ئەکات، کە بریتییە لەو دامەزراوانەی هەڵئەستن بە بەرهەمهێنانی خۆراك پشتبەست بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە جۆرێك شیاو بێت بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی بۆ بازاڕە دوورەکان و بتوانرێت بە بەردەوامیی و بەدرێژایی ساڵ بەکاربهێنرێت (تقرير اللجنة الأقتصادية و الأجتماعية، ٢٠٠٣، ٨-١٠)، کەواتە مەبەست لە پیشەسازیی کشتوکاڵیی بریتییە لەو چالاکییەی هەڵئەسێت بە چارەسەرکردن و گۆڕینی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی (رووەکیی و ئاژەڵیی) لەشێوە بنچینەییەکەی خۆیەوە بۆ شێوەیەکی تر

کە بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت، یان بریتییە لە بە پیشەسازییکردنی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی زیاد لەپێویستی بەکارهێنان و گۆڕینی بۆ بەرهەمێکی تری خۆراکیی لەپێناوی هەڵگرتن و پاراستنی لەخراپبوون بۆ ماوەیەکی زیاتر و بەکارهێنانەوەی لەو وەرز و کاتانەدا، کە وەرزی ئەو بەروبوومە نییە، یان لەو ناوچانەدا کە ئەو بەروبوومەی تێدا نییە، کە بەشێوەیەکی تەندرووست بتوانرێت بەکاربهێنرێت (الشیلاوي، ١٩٩٨، ص٤٥).

لەبەر ڕۆشنای ئەوەی پێشەوە روونئەبێتەوە ئەم جۆرە پیشەسازییانە پشت بە بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵیی (رووەکیی و ئاژەڵیی) ئەبەستن و بەرهەمی ئەم جۆرە پیشەسازییانە رۆڵێکی گرنگیی هەیە لە پڕکردنەوەی پێداویستییە خۆراکیی و ناخۆراکییەکانی مرۆڤدا و هەندێك جاریش پێداویستیی خۆراکیی ئاژەڵ، بە درێژای وەرزەکانی ساڵ و لەو ناوچانەشدا کە ناوچەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاوی ئەو بەرهەمە پیشەسازییە نین و هەر گۆڕانکارییەك لە کەرتی کشتوکاڵییدا رووبدات لەرووی بڕ و جۆرەوە ئەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر نرخ و بڕی بەرهەمی ئەم جۆرە پیشەسازییانە ئەبێت، هەروەها پەرەپێدانی ئەم جۆرە پیشەسازییانە پەیوەندییەکی راستەوانەی لەگەڵ بڕی بەرهەمی بەروبوومە کێڵگەییەکاندا هەیە و بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ئەم جۆرە بەروبوومانە ببنە بەروبوومێکی کشتوکاڵیی پیشەسازیی گرنگ، گرنگترین بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەش، کە لە دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا وەك کەرەستەی خاوی ناوخۆی سوودییان لێ وەرئەگیرێت، کە لەمەودوا باسیان لێوە ئەکرێت:

## بەروبوومە دانەوێڵەییەکان (Cereal Crops)

بەروبوومە دانەوێڵەییەکان بە گرنگترین جۆری بەروبوومە کشتوکاڵییە رووەکییەکان دائەنرێن، چونکە بەسەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی خۆراك بۆ دانیشتوان و ئالیکی ئاژەڵ دائەنرێن، بە جۆرێك تێکڕای بەکاربردنی تاك بۆ بەروبوومە دانەوێڵەییەکان لە جیهاندا نزیکەی (١٠٠ کغم/ کەس) ساڵانەیە، ئەم ڕێژەیە لە کیشوەر و ناوچە دواکەوتووەکاندا بەرزتر ئەبێتەوە، بۆ نموونە لە کیشوەری ئەفریقا بەرزئەبێتەوە بۆ نزیکی (٤٠٠کغم/ کەس) ساڵانە (الجاسم، ٢٠٢١، ٧٥)، بەروبوومە دانەوێڵەییەکانی ناوچەی توێژینەوە چەندین جۆری جیاواز دەگرێتەوە، بەڵام تەنها بەروبوومی ( گەنم و جۆ) وەرگیراوە، چونکە ئەم دوو بەروبوومە لەرووی بڕی بەرهەمەکەیان و گرنگی و بایەخیان لە رووی بەکارهێنانیان وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ خۆراکیی مرۆڤ و ئاژەڵ و بەشدارییکردنیان لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا و رووبەری چێنراوەوە زۆر زیاترن بە بەراورد بە بەروبوومە دانەوێڵەییەکانی تر، بەگشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا وەك لە خشتەی (١)دا خراوەتەڕوو دەرئەکەوێت کۆی گشتی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گەنم لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)دا بریتی بووە لە (٦٤٣٧٦٧) تۆن و ڕێژەی (٨٦,٧٪)ی کۆی گشتی بەروبوومە دانەوێڵەییە مەبەستدارەکانی پێکهێناوە لە کاتێکدا کۆی گشتیی تێکڕای ساڵانەی رووبەری چێنراوی ئەم بەروبوومە لە هەمان ماوەدا بریتی بووە لە (٩٣٩٦٠٦) دۆنم و ڕێژەی (٧٨,٤٪) ی کۆی گشتیی رووبەری چێنراوی ئەم جۆرە بەروبوومانەی پێکهێناوە، واتە لەمەوە روون ئەبێتەوە بڕی

بەرهەمی گەنم بە بەراورد بە رووبەری چێنراو زیادە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ زیادی بڕی بڕشتی گەنم بەتایبەت بەهۆی هاوردەکردنی چەندین پۆلی گەنمی بیانی، کە بڕی بڕشتیان زیاترە بە بەراورد بەو جۆرانەی پێشتر لە ناوچەکەدا چێنراون، بەڵام رووبەری جۆی چێنراو (٢١،٦٪)ی کۆی رووبەری چێنراوی بەروبوومە دانەوێڵەییەکانی پێکهێناوە و بڕی بەرهەمەکەشی (١٣،٣٪)ی کۆی بڕی بەرهەمی ئەم جۆرە بەروبوومانەی پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمی بڕی بڕشتی جۆ بە بەراورد بەگەنم و بەهۆی ئەوەی بایەخی ئابوورییەکەی کەمترە لە گەنم و گرنگی نەدراوە بەهاوردەکردنی پۆلی نوێی بە بڕشت بەڵکو هەر ئەو پۆلانە ئەچێنرێن هەر لەکۆنەوە چێنراون و لەگەڵ ژینگە و ئاووهەوای ناوچەکەدا گونجاون ( علی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)، بێگومان ئەم دوو بەرهەمە دانەوێڵەییەش لە ناوچەی توێژینەوەدا بڕی بەرهەمەکەیان جیاوازە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییە ئەوا بەشێوەیەکی جیا لەیەکتری هەریەك لەو بەروبوومانە باسیان لێوە ئەکرێت.

خشتەی (١)

تێکڕای ساڵانەی رووبەری چێنراو و بڕی بەرهەمی بەروبوومە دانەوێڵەییە پیشەسازییەکان لە پارێزگای سلێمانی لە (٢٠١١ - ٢٠٢١)

| جۆری بەروبووم | رووبەری چێنراو / دۆنم | ٪ | بڕی بەرهەم / تۆن | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| گەنم | ٩٣٩٦٠٦ | ٧٨،٤ | ٦٤٣٧٦٧ | ٨٦،٧ |
| جۆ | ٢٥٩٦٢٨،٨ | ٢١،٦ | ٩٩٠٥٤،٨ | ١٣،٣ |
| کۆی گشتی | ١١٩٩٢٣٥،٨ | ١٠٠ | ٧٤٢٨٢١،٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی رووبەری و بڕی بەرهەمی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

١-١/ گەنم (Wheat)

ئەم بەروبوومە بە بنچینەی سەرهەڵدانی شارستانییەتە کۆنەکان دائەنرێت و گرنگترین جۆری بەروبوومە دانەوێڵەییەکانە لەرووی فراوانی بڵاوبوونەوەیەوە، بە چەشنێك ١/٣ی دانیشتوانی جیهان پشتی پێ ئەبەستن وەك خۆراکی سەرەکیی و بەکارهێنانیشی پەیوەستە بە ئاستی گوزەرانی دانیشتوانەوە، فراوانی و بەربڵاوی ئەم بەروبوومەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەندین پۆلی هەیە، کە گونجاون لەگەڵ ژینگە جیاوازەکاندا ( هارون، ٢٠٠٠، ١٣)، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەربڵاوی ئەم بەروبوومە ئەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی هەڵگرتنی پاش وشککردنەوەی بەجۆرێك ئەتوانرێت بۆ ماوەی چەند ساڵ هەڵبگیرێت ( العكيلي، ٢٠٢١، ٢٩١)، هەروەها لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا وەك کەرەستەی خاو بەکارئەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی چەندین جۆر بەرهەمی جیاوازی وەك (ئارد و مەعکەرۆنی و ساوەر و قەرەخەرمان و خواردنەوە کحولیەکان و ئالییکی ئاژەڵ) لەگەڵ پیشەسازی بەرهەمهێنانی کاغەز، لە ناوچەی توێژینەوەدا

گرنگترین بەکارهێنانی بەرهەمی گەنم وەك کەرەستەی خاو بریتیە لە بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنانی ئارد و ساوەر و قەرەخەرمان و سود وەرگرتن لە ئاردی بەرهەمهاتوو لە گەنم بۆ بەرهەمهێنانی بسکیت و مەعکەرۆنی و ئیشی هەویر بە هەموو جۆرەکانییەوە، سەبارەت بە بڕی بەرهەمی گەنمی بەرهەمهاتوو لە پارێزگای سلێمانیی دا وەك لە خشتەی (٢)دا خراوەتەڕوو دەرئەکەوێت تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گەنم گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە بەدرێژای ماوەی توێژینەوە، بەجۆرێك بڕی بەرهەمەکەی لە (٤٣٦٢٢٩) تۆن لە ساڵی (٢٠١١)دا زیادیکردووە بۆ (٨٢١٤٣٧) تۆن لە ساڵی (٢٠٢١)دا، واتە بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (٦,٥٪) زیادیکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژای ئەو ماوەیە زیاد و کەمی لەبڕی بەرهەمەکەیدا ڕوویداوە هۆکاری ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەرزونزمیی باران بارین لەلایەك و سیاسەتی میریی (حوکومیی) لە فرۆشتنی بەرهەمەکەیدا لەلایەکی ترەوە، بەتایبەت لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٥ - ٢٠١٧) بەهۆی خەرج نەکردنی پارەی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گەنم لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە (٦٤٣٧٦٧)تۆن، زیادبوونی بڕی بەرهەمی گەنمیش یارمەتیدەر ئەبێت بۆ دامەزراندنی ئەو پیشەسازییە کشتوکاڵیانەی پشت بەم بەرووبوومە دەبەستن و ئەمەش ڕۆڵی ئەبێت لە دابینکردنی هەلی کاردا، لەڕووی دابەشبوونی جوگرافیایی بڕی بەرهەمەکەیەوە وەك لە خشتەی (٢) و نەخشەی (٢)دا خراوەتەڕوو دەردەکەوێت قەزای چەمچەماڵ بەپلەی یەکەم یەت بەجۆرێك (٣٥,٧١٪)ی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گەنم پێك ئەهێنێت، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ

خشتەی (٢)

بڕی بەرهەمی گەنمی بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێڕی | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | ٪ | تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 85485 | 83747 | 91740 | 69500 | 109115 | 123710 | 93883 | 14.58 | 135083 | 14.38 |
| قەرەداغ | 17375 | 26410 | 20850 | 20850 | 31275 | 28495 | 24209 | 3.76 | 34833 | 3.71 |
| پێنجوێن | 7923 | 13692 | 15985 | 12510 | 14595 | 6255 | 11827 | 1.84 | 17017 | 1.81 |
| سیدسادق | 22240 | 59770 | 50040 | 51430 | 55322 | 59075 | 49646 | 7.71 | 71433 | 7.60 |
| شارەزوور | 20155 | 38294 | 42395 | 38225 | 45870 | 41700 | 37773 | 5.87 | 54350 | 5.78 |
| ماوەت | 1104 | 2863 | 3105 | 5692 | 5414 | 1725 | 3317 | 0.52 | 4808 | 0.51 |
| شارباژێر | 2794 | 4105 | 3519 | 3312 | 2432 | 2777 | 3157 | 0.49 | 4575 | 0.49 |
| دوکان | 60306 | 75072 | 73864 | 83680 | 97053 | 104880 | 82476 | 12.81 | 119530 | 12.72 |
| ڕانیە | 34250 | 73295 | 46580 | 47607 | 52060 | 78775 | 55428 | 8.61 | 80917 | 8.61 |
| پشدەر | 12330 | 32537 | 39045 | 39045 | 45046 | 52745 | 36791 | 5.72 | 53710 | 5.72 |
| دەربەندیخان | 12562 | 16875 | 13500 | 13500 | 16875 | 18900 | 15369 | 2.39 | 22769 | 2.42 |
| چەمچەماڵ | 159705 | 213401 | 227812 | 194526 | 281508 | 302400 | 229892 | 35.71 | 340581 | 36.25 |
| کۆی گشتی | 436229 | 640061 | 628435 | 579877 | 756565 | 821437 | 643767 | 100 | 939606 | 100 |

## سەرچاوە:ئامادەکراوە پشتبەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی رووبەری و بڕی بەرهەمی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

بەرفراوانی رووبەری زەوی کشتوکاڵیی قەزای چەمچەماڵ ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی رووبەری زەویی کشتوکاڵیی چێنراو بە گەنم لە قەزاکەدا بەچەشنێك (٣٦,٢٥٪)ی کۆی رووبەری چێنراو بەگەنمی پارێزگای سلێمانیی کەوتووەتە ئەم قەزایەوە، پاشان هەر یەك لە قەزاکانی ( سلێمانی و دوکان) بەپلەی دووەم و سێیەم دێن بەرێژەی (١٤,٥٨٪) و (١٢,٨١٪)ی بڕی بەرهەمی گەنم، لەبەرامبەریشدا کەمترین بڕی بەرهەمی گەنمی بەرهەمهاتوو کەوتووەتە قەزاکانی ( شاربازێڕ و ماوەت) بەرێژەی (٠,٤٩٪) و (٠,٥٢٪) هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بەسروشتی تۆبۆگرافیای ئەم دوو قەزایەوە هەیە بەجۆرێك خاوەنی بەرزونزمیەکی سەختن و دەشت و تەختایی کەمیان هەیە تاسودی لێوەربگرن بۆ بەرهەمهێنانی گەنم، بێگومان ئەم جیاوازییەش لەبڕی بەرهەمی گەنمدا رۆڵی ئەبێت لەسەر جیاوازی دابەشبوون و جێگیربوونی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە لەرووی بڕی بەرهەمی گەنمەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە و ئەم دەوڵەمەندییەش رۆڵێکی گونجاوی ئەبێت بۆ راکێشان و دامەزراندنی ئەو پیشەسازییە کشتوکاڵییانەی پشت بە گەنم دەبەستن، ئەو پیشەسازییانەش لە ئێستادا بوونیان هەیە بە تەواوی پشت بە بەرهەمی گەنمی ناوخۆی پارێزگاکە ئەبەستن.

نەخشەی (٢) نواندنی کارتۆگرافی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گەنم لە پارێزگای سلێمانی (٢٠١١- ٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٢).

١-٢/ جۆ (Barley)

بەرووبوومی جـۆ لـە کۆنترین ئـەو بەرووبوومـە کشـتوکاڵییانەیە مـرۆڤ پێـی ئاشـنابووە و بەکاریهێنـاوە و وەك بەروبوومێکـی دانەوێڵەیـی سـتراتیجیی گرنـگ پشـتی پـێ بەسـتووە بـۆ خـۆی و ئـاژەڵ، لـە ڕووی گرنگیـی ئابوورییەوە بـە پلـەی چـوارەم دێـت لـە دوای ( گەنـم و برنـج و گەنمـە شـامی زەرد) و لـە نـاو بەرووبوومـە زستانەییەکانیشـدا بـە پلـەی دووەم دێـت لـە دوای گەنـم، لـە ڕووی ڕووبـەری چێـنراو و بەکارهێنانیـەوە، لـە هەندێـك ناوچـەدا جێگـەی گەنمـی گرتووەتـەوە لـەڕووی چانـدن و بەکارهێنانـەوە وەك خۆراکیـی سـەرەکیی بەتایبـەت لـە ناوچـە بیابانییەکانـدا (هـارون، ٢٠٠٠، ١٣ )، بەرهەمـی جـۆ بـۆ بەرهەمهێنانـی چەندیـن بەرهەمـی پیشـەسازی سـودی لـێ وەرئەگیرێـت وەك بەرهەمهێنانـی (ئـاردی جـۆ، ئالیکـی ئـاژەڵ، خواردنـەوە کحولیـەکان، خەمیـرە) و دروسـتکردنی هەندێـك پێکهاتـەی بـواری پزیشـکیی و خواردنـی چارەسـەریی بـۆ منداڵ(الغـراوي، ١٩٥٦، ١١١) بـەڵام لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا دیارتریـن بەکارهێنانـی بەرهەمـی جـۆ وەك کەرەسـتەی خـاو لـە پیشـەسازییە کشـتوکاڵییەکاندا بریتیـە لـە بەکارهێنانـی بـۆ بەرهەمهێنانـی ئالیکـی ئـاژەڵ و خواردنـەوە کحولیـەکان، سـەبارەت بـە بـڕی بەرهەمـی جـۆی بەرهەمهاتـوو لـە پارێـزگای سـلێمانی دا وەك لـە خشـتەی (٣)دا دەرئەکەوێـت تێکـڕای سـاڵانەی بـڕی بەرهەمـی جـۆ بـە درێژایـی مـاوەی توێژینـەوە بریتـی بـووە لـە (٩٩٠٥٤،٨) تـۆن و ئـەم بـڕەش بەدرێـژای ئـەو ماوەیـە گۆڕانکاریـی بەسـەرداهاتووە، بەجۆرێـك لەسـاڵی (٢٠١١)دا بـڕی بەرهەمەکـەی بریتـی بـووە لـە (٨٦٦٧٢)تـۆن، بـەڵام لەسـاڵی (٢٠٢١)دا بڕەکـەی زیـادی کـردووە بـۆ (١٠٥٦٠٩)تـۆن، واتـە بـە ڕێـژەی گەشـەی سـاڵانەی (٢٪) زیادیکـردووە، هـۆکاری ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ زیادبوونـی خواسـت لەسـەر ئـەم بەرووبوومـە بـۆ بەرهەمهێنانـی ئالیکـی ئـاژەڵ بـە پلـەی یەکـەم و پاشـان بەکارهێنانـی لـە پیشـەسازیی بەرهەمهێنانـی خواردنـەوە کحولیەکانـدا، هەروەهـا ئـەم بەرووبوومـە لەبـەر ئـەوەی توانـای بەرگەگرتنـی کـەم ئاویـی و وشـکیی زیاتـرە کەمـتر ئەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی بەرزونزمیـی بـڕی دابارینـەوە، وەك لـە خشـتەی (٣) و نەخشـەی (٣) دا دەرئەکەوێـت لـەڕووی دابەشـبوونی

خشتەی (٣)

بڕی بەرهەمی جۆی بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێری | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | ٪ | تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 16195 | 8295 | 8808 | 8808 | 6972 | 2714 | 8632 | 8.71 | 21853.3 | 8.42 |
| قەرەداغ | 790 | 7900 | 7900 | 11060 | 11850 | 11850 | 3 .8558 | 8.64 | ٧.21666 | 8.35 |
| پێنجوێن | 5135 | 2212 | 7307 | 7505 | 8295 | 1185 | 5273.2 | 5.32 | 13350 | 5.14 |
| سیدسادق | 2765 | 2765 | 1975 | 2745 | 2508 | 2449 | 2534.5 | 2.56 | ٧.6416 | 2.47 |
| شارەزوور | 3950 | 296 | 3555 | 790 | 395 | 435 | 1570.2 | 1.59 | 3975 | 1.53 |
| ماوەت | 361 | 1064 | 1273 | 2166 | 690 | 684 | 1039.7 | 1.05 | 2735.8 | 1.05 |
| شارباژێر | 1577 | 2204 | 1558 | 1824 | 1330 | 1216 | 1618.2 | 1.63 | 4258.3 | 1.64 |
| دوکان | 7296 | 4503 | 2698 | 4446 | 2964 | 3401 | 4218 | 4.26 | 11100 | 4.28 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | 7020 | 1888 | 1677 | 2184 | 507 | 585 | 2310.2 | 2.33 | 5923.3 | 2.28 |
| پشدەر | 3315 | 6338 | 5850 | 5850 | 2730 | 2340 | 4403.833 | 4.45 | ٧.11291 | 4.35 |
| دەربەندیخان | 1818 | 1688 | 750 | 938 | 1312 | 1875 | 1396.8 | 1.41 | ٧.3724 | 1.43 |
| چەمچەماڵ | 36450 | 49687 | 55987 | 52875 | 73125 | 76875 | 57500 | 58.05 | 153333.3 | 59.06 |
| کۆی گشتی | 86672 | 88840 | 99338 | 101191 | 112678 | 105609 | 99054.8 | 100 | 259628.8 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی ڕووبەری و بڕی بەرهەمی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

جوگرافی بڕی بەرهەمەکەیەوە بەهەمان شێوەی بەروبوومی گەنم قەزای چەمچەماڵ بەپلەی یەکەم دێت، بەچەشنێك زیاتر لەنیوەی بەرهەمی جۆی بەرهەمهاتووی ناوچەی توێژینەوە، کە ڕێژەی (٥٨,٠٥٪)ی کۆی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی جۆیە دەکەوێتە ئەم قەزایەوە، هۆکاری سەرەکی بەرزی ڕێژەی جۆی بەرهەمهاتوو لەم قەزایەدا بەهەمان شێوە پەیوەندی بە فراوانی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵیی ئەم قەزایە و زۆری ڕووبەری چێنراو بەجۆیە بە جۆریك ڕێژەی (٥٩,٠٥٪)ی ڕووبەری زەوی چێنراو بە جۆی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە قەزای چەمچەماڵەوە، بەپلەی دووەم و سێیەم هەریەك لە قەزاکانی ( سلێمانی و قەرەداغ) دێن بەرێژەی (٨,٧١٪) و (٨,٦٩٪)ی بڕی بەرهەم، لەبەرامبەریشدا کەمترین بڕی برهەمی جۆی بەرهەمهاتوو کەوتووەتە قەزاکانی ( ماوەت و شارباژێر و دەربەندیخان و شارەزوور) بەرێژەی (١,٠٥٪) و (١,٦٣٪) و (١,٤١٪) و (١,٥٩٪) بێگومان هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بەسروشتی تۆبۆگرافیای بەشێك لەو قەزایانەو کەمی ڕووبەری تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنانی جۆوە هەیە، کەواتە هەرچەندە جیاوازی هەیە لەنێوان یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا لەڕووی بڕی بەرهەمەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە تاڕادەیەکی زۆرباش دەوڵەمەندە بەم بەرووبوومە و پێداویستی کەرەستەی خاوی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەی بۆ بەرهەمهێنانی چەندین بەرهەمی جیاوازی وەك ( ئالیکی ئاژەڵ و خواردنەوە کحولیەکان) پڕکردووەتەوە، بەتایبەت لە قەزاکانی ( چەمچەماڵ و سلێمانی و قەرەداغ)دا وەك لە نەخشەی (٣)دا ڕونکراوەتەوە.

نەخشەی (٣) نواندنی کارتۆگرافی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی جۆ لە پارێزگای سلێمانی (٢٠١١- ٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٣).

بەروبوومە زەیتییەکان (Oil Crops)

مەبەست لە بەروبوومە زەیتییەکان بریتیە لەو بەرووبوومە کشتوکاڵییە کێڵگەییانەی بە مەبەستی دەستکەوتنی زەیت ئەچێنرێن (الدليمي و عبدالرزاق، ٢٠٢٠، ٩٨)، یان بریتین لەو بەرووبوومە ڕووەکیانەی زەیتیان لێدەردەهێنرێت و ئەو زەیتەش بەکاردێت لە پیشەسازییدا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی تری خۆراکیی یان نا خۆراکیی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواکاریی لەسەر ئەو جۆرە زەیتانەی لەم بەروبوومانە بەرهەمدەهێنرێت زیاد ئەکات، بەهۆی کەمی بەرهەمی ڕۆنی ئاژەڵی لەلایەك و فراوانبوونی ئەو بوارانەی ئەم جۆرە زەیتانەی تێدا بەکاردێت لەلایەکی ترەوە (هارون، ٢٠٠٠، ٢٠٣ )، دیارترین بەروبوومی کێڵگەیی زەیتی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە ( گەنمە شامی زەرد و گوڵەبەڕۆژە)، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١) دا وەك لە خشتەی (٤) دا خراوەتەڕوو تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی بەرووبوومە زەیتییەکان بریتی بووە لە (١٤٣٨,٣) تۆن و لەو بڕەش بەروبوومی گوڵەبەڕۆژە بە پلەی یەکەم یەت کە بڕەکەی (١٠٠٠) تۆن بووە و ڕێژەی (٦٩,٥٪)ی کۆی بەرهەمی بەرووبوومە زەیتییەکانی پێکهێناوە، لەپێناوی دەرخستنی

گۆڕانـكاری بـڕی بەرهـەم و دابەشـبوونی هەریـەك لـەو بەروبوومانـە ئـەوا بەشـێوەی جیـا لەیەکـتری باسـیان لێـوە ئەکرێـت.

خشتەی (٤)

تێکـڕای سـاڵانەی رووبـەری چێـنراو و بـڕی بەرهەمـی بەرووبوومـە زەیتییـەکان لـە پارێـزگای سـلێمانی لـە (٢٠١١ – ٢٠٢١)

| جۆری بەروبووم | رووبەری چێنراو / دۆنم | ٪ | بری بەرهەم / تۆن | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| گوڵەبەڕۆژە | ٣٩٦٩ | ٩١ | ١٠٠٠ | ٦٩,٥ |
| گەنمە شامی زەرد | ٣٩٣,٢ | ٩ | ٤٣٨,٣ | ٣٠,٥ |
| کۆی گشتی | ٤٣٦٢,٢ | ١٠٠ | ١٤٣٨,٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کشـتوکاڵیی سـلێمانی، بەشـی ئامـار و پلاندانـان، زانیاریـی دەربـارەی رووبـەری و بـڕی بەرهەمـی بەرووبوومـە کشـتوکاڵییەکانی پارێـزگای سـلێمانی بـۆ مـاوەی سـاڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)، زانیاریـی بڵاونەکـراوە، ٢٠٢٢.

٢-١/ گوڵەبەڕۆژە (Sunflower)

لـەم سـەردەمەی ئێسـتادا ئامانجـی سـەرەکی لـە چاندنـی بەروبوومـی گوڵەبـەڕۆژە بریتیـە لـە بەرهەمهێنـای زەیـت، ئـەو زەیتـەی لێـی دەردەهێنرێـت بەسـێیەم باشـترین زەیتـی خۆراکیـی دائەنرێـت لەسـەر ئاسـتی جیهـان لـەدوای زەیتـی فولـی صۆیـا و زەیتـی عەلـی بابـا (الفسـتق الحقلـی) (اخـرون، ٢٠١٤، ٦)، هەروەهـا یەکێکـە لـەو بەرووبوومـە کشـتوکاڵییە کێڵگەییانـەی ئەتوانرێـت وەك بەروبوومێکـی سـتراتیجیی گرنـگ بـۆ زامنکردنـی ئاسایشـی خۆراکیـی ئاینـدە تەماشـابکرێت، بەروبوومـی گوڵەبـەڕۆژە بـۆ بەرهەمهێنانـی زەیتـی خۆراکیـی سـود لـە تۆوەکـەی ( دەنکەکـەی) وەردەگیرێـت و لـە هەمـان کاتیشـدا ئـەو زەیتـە خۆراکییـەی ئەکرێـت لـە چەندیـن پیشەسـازیی دورسـتکردنی سـابوون و بۆیـاخ و پیشەسـازییە کیمیاوییەکانـدا بەکاربهێنرێـت، هەروەهـا ئەتوانرێـت سـود لـە ڕووەکـی گوڵەبـەڕۆژە بـە سـەوزی وەربگیرێـت بـۆ بەرهەمهێنانـی ئالیکـی سـەوز ( سـیلاج) (السـید، بـدون سـنة طبـع، ٦٥) بـەڵام لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا دیارتریـن بەکارهێنانـی دوای خواردنـی بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ بریتیـە لـە بەکارهێنانـی تۆوەکـەی بـۆ بەرهەمهێنانـی زەیـت، بـڕی بەرهەمـی گوڵەبـەڕۆژە وەك لـە خشـتەی (٥)دا دەردەکەوێـت تێکـڕای بەرهەمـی سـاڵانەی بریتیـە لـە (١٠٠٠)تـۆن و بەدرێژایـی مـاوەی توێژینـەوە بـڕی بەرهەمەکـەی بـەرەو کەمبوونـەوە رۆشـتووە، بەچەشـنێك لـە سـاڵی (٢٠١١)دا بـڕی بەرهەمەکـەی بریتـی بـووە لـە (١٧٧٧)تـۆن بـەڵام لەسـاڵی (٢٠٢١)دا بڕەکـەی کەمـی کـردووە بـۆ (٣٨٢)تـۆن و بەرێـژەی گەشـەی سـاڵانەی (-١٤,٢٥٪)

خشتەی (٥)

بڕی بەرهەمی گوڵەبەڕۆژەی بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێڕی | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | % | تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 0 | 15 | 29 | 40 | 14 | 0 | 16 | 1.64 | 64 | 1.62 |
| قەرەداغ | 0 | 3 | 5 | 6 | 4 | 5 | 4 | 0.37 | 15 | 0.37 |
| پێنجوێن | 0 | 1 | 3 | 2 | 3 | 0 | 2 | 0.16 | 6 | 0.16 |
| سیدسادق | 42 | 0 | 40 | 47 | 41 | 18 | 31 | 3.13 | 123 | 3.09 |
| شارەزوور | 306 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 51 | 5.13 | 201 | 5.07 |
| ماوەت | 10 | 0 | 5 | 6 | 6 | 0 | 4 | 0.44 | 18 | 0.46 |
| شارباژێڕ | 14 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 0.24 | 10 | 0.25 |
| دوکان | 14 | 26 | 31 | 85 | 38 | 26 | 37 | 3.69 | 154 | 3.88 |
| ڕانیە | 488 | 1 | 1023 | 1040 | 495 | 261 | 551 | 55.11 | 2205 | 55.55 |
| پشدەر | 525 | 0 | 23 | 18 | 19 | 12 | 99 | 9.92 | 397 | 10 |
| دەربەندیخان | 2 | 9 | 1 | 60 | 5 | 3 | 13 | 1.34 | 52 | 1.30 |
| چەمچەماڵ | 376 | 434 | 74 | 91 | 100 | 55 | 188 | 18.82 | 724 | 18.24 |
| کۆی گشتی | 1777 | 490 | 1233 | 1394 | 726 | 382 | 1000 | 100 | 3969 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵیی سلێمانیی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی ڕووبەر و بڕی بەرهەمی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

کەمیکردووە، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بە کەمبوونەوەی بڕی ئاوی پێویست بۆ ئاودێری چونکە ئەم بەرووبوومە بەروبوومێکی هاوینەییەو پێویستی بە بڕێکی زۆر لە ئاو هەیە لەوەرزی هاویندا، بەڵام ناوچەی توێژینەوە ساڵ شێوازەکانی بەرهەمهێنانی نوێ، ئەوا بێگومان ئەکرێت ناوچەی لێکۆڵینەوەش ببێت بە ناوچەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی ئەم بەروبوومە بەتایبەت قەزاکانی ( ڕانیە و چەمچەماڵ و پشدەر) وەك لە نەخشەی (٤) دا دەردەکەوێت و ببنە ناوچەیەکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی ئەم جۆرە پیشەسازییانە.

نەخشەی (٤)نواندنی کارتۆگرافی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گوڵەبەڕۆژە لە پارێزگای سلێمانی (٢٠١١-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٥).

٢-٢/ گەنمە شامی زەرد (Maize)

بەیەکێك لەو بەرووبوومە کێڵگەییانە دائەنرێت، کە وەك رزگارکەری ژیان تەماشا ئەکرێت، چونکە بەهای خۆراکیی بەرزە و بەسەرچاوەی وزە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنرێت، ئەوەش وایکردووە ببێتە گرنگترین بەرووبوومی خۆراکیی و پیشەسازی لە هەندێك ناوچەدا و لەسەر ئاستی جیهانیش بە پلەی سێیەم دێت لەرووی رووبەری چێنراو و بڕی بەرهەمهێنانەوە لە دوای گەنم و برنجەوە ( رمیض، ٢٠٢١، ٤٦-٤٧)، ئەم بەرووبوومە لە چەندین پیشەسازی خۆراکییدا بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی ( زەیت، ئاردی زەرد، ئالیکی ئاژەڵ، خواردنەوە کحولیەکان)، بەڵام لە ناوچەی توێژینەوەدا دیارترین بەکارهێنانی لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی زەیتی خۆراکیی و ئالیکی ئاژەڵە، بڕی بەرهەمەکەی لە ناوچەی توێژینەوەدا وەك لە خشتەی (٦)دا خراوەتەڕوو دەرئەکەوێت بریتی بووە لە (٤٣٨,٣) تۆن و بەدرێژای ماوەی توێژینەوەش بڕی بەرهەمەکەی زیادیکردووە بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠١١)دا کۆی گشتی بڕی

بەرهەمەکـەی بریتـی بـووە لـە (١٩٨) تـۆن بـەڵام لەسـاڵی (٢٠٢١)دا بـڕی بەرهەمەکـە زیادیکـردوە بـۆ (٤٧٥) تـۆن واتـە بەرێـژەی گەشـەی سـاڵانەی (٩,١٤٪) بەرهەمەکـەی زیادیکـردووە، بـەڵام زۆرتریـن بـڕی بەرهـەم کەوتووەتـە سـاڵی (٢٠١٩)وە کـە بریتـی بـووە لـە (٨٣٤)تـۆن، هـۆکاری سـەرەکی ئـەم زیادبوونـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ گرنگـی ئابووریـی ئـەم بەروبوومـە و بـەرزی بەهـای ئابوورییەکـەی وایکـردووە سـاڵانە رووبەرێکـی زیاتـر بـۆ چاندنـی دابینبکرێـت ئەگـەر بـڕی ئـاوی پێویسـت بەردەسـت بێـت، سـەبارەت بـە دابەشـبوونی جوگرافیایـی بـڕی بەرهەمەکـەی وەك لـە خشـتەی (٦) و نەخشـەی (٥)دا روونکراوەتـەوە؛ قـەزای چەمچەمـاڵ بەپلـەی یەکـەم یـەت بەجۆرێـك (٨٠,١٤٪)ی تێکـڕای سـاڵانەی بـڕی بەرهەمـی گەنمەشـامی پارێـزگای سـلێمانیی لـەم قەزایـەدا بەرهەمهاتـووە، بەهەمـان شـێوە هـۆکاری سـەرەکیی ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ بەرفراوانـی رووبـەری زەویـی کشـتوکاڵیی ئـەم قەزایـە و دابینکردنـی رووبەرێکـی زەویـی کشـتوکاڵیی زیاتـر بـۆ چاندنـی ئـەم

خشتەی (٦)

بڕی بەرهەمی گەنمەشامی زەرد بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێری | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | ٪ | تێکڕای ساڵانەی رووبەری چێنراو/ دۆنم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 13 | 54 | 59 | 54 | 36 | 18 | 39.0 | 8.90 | 32.5 | 8.27 |
| قەرەداغ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0.2 | 0.05 | 0.2 | 0.04 |
| پێنجوێن | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 0.6 | 0.14 | 0.5 | 0.13 |
| سیدسادق | 138 | 0 | 0 | 5 | 1 | 4 | 24.6 | 5.61 | 20.5 | 5.21 |
| شارەزوور | 17 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 3.0 | 0.68 | 2.5 | 0.64 |
| ماوەت | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| شارباژێر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| دوکان | 3 | 1 | 0 | 0 | 2 | 0 | 1.2 | 0.26 | 1.0 | 0.26 |
| رانیە | 18 | 11 | 0 | 4 | 1 | 3 | 6.3 | 1.44 | 5.7 | 1.44 |
| پشدەر | 9 | 11 | 7 | 4 | 17 | 23 | 11.8 | 2.70 | 10.7 | 2.71 |
| دەربەندیخان | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 1 | 0.4 | 0.08 | 0.3 | 0.08 |
| چەمچەماڵ | 0 | 0 | 468 | 443 | 776 | 421 | 351.3 | 80.14 | 319.3 | 81.22 |
| کۆی گشتی | 198 | 77 | 534 | 511 | 834 | 475 | 438.3 | 100 | 393.2 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کشـتوکاڵیی سـلێمانی، بەشـی ئامـار و پلاندانـان، زانیاریـی دەربـارەی رووبـەری و بـڕی بەرهەمـی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکانی پارێـزگای سـلێمانی بـۆ مـاوەی سـاڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)، زانیاریـی بڵاونەکـراوە، ٢٠٢٢.

بەروبوومهکـە بـە بـەراورد بـە قەزاکانـی تـر، قـەزای سـلێمانی بـە پلـەی دووەم یـەت و رێـژەی (٨,٩٠٪)ی تێکـڕای سـاڵانەی بـڕی بەرهەمـی ئـەم بەروبوومـەی پێکهێنـاوە، لەبەرامبەریشـدا قەزاکانـی (مـاوەت و شـارباژێر)

هیچ بڕێکی بەرهەمی ئەم بەرووبوومەیان پێکنەهێناوە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە ئەم دوو قەزایە خاوەنی تۆبۆگرافیایەکی سەخت و زەویی تەخت و دەشتایی شیاوییان بۆ کشتوکاڵ کەم و سنوردارە و بەشی چاندنی گەنمە شامی ناکات، یان ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی بوونیان هەیە بەو بەروبوومانە ئەچێنرێن کە ئابورییترن و لەلای جوتیاران پەسەندترن، بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی گەنمە شامی بەڵام لەبەر ئەوەی بەروبوومێکی تاڕادەیەك نوێیەو بەشێك لە جوتیاران گرنگی ئابوریی نازانن و حکومەت (میری)ش هیچ هاوکاریی و کارئاسانییەك ناکات بۆ جوتیارەکان، ئەمەش وایکردووە بەرهەمهێنانی سنووردار بێت و بە بڕێکی زۆر کەم لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی زەیت دا لە پارێزگاکەدا پشت بە بەروبوومی گەنمەشامی زەردی ناوخۆی ببەسترێت، بەڵام بە بڕێکی زۆرتر بۆ بەرهەمهێنانی ئالیك ( بەتایبەت ئالیکی پەلەوەریی) بەرهەمی ئەم بەروبوومە بەکارئەهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك لە نەخشەی (٥) دەرئەکەوێت ئەکرێت قەزاکانی ( چەمچەماڵ و سلێمانی و سیدسادق) بکرێتە ناوەندی بەرهەمهێنانی ئەم بەروبوومە و دامەزراندنی ئەو دامەزراوە پیشەسازییانەی پشت بەم جۆرە بەروبوومە ئەبەستن.

نەخشەی (٥)نواندنی کارتۆگرافی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی گەنمەشامی زەرد لە پارێزگای سلێمانی (٢٠١١- ٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٦).

## بەروبوومە ڕەگدارەکان(سەلکدارەکان)( Root Crops)

مەبەست لەم بەروبوومانە بریتیە لەو بەروبوومە ڕووەکیانەی بە ئامانجی ڕەگەکانیان (سەلکەکانیان) ئەچێنرێن، ئەتوانرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ وەك خۆراکی مرۆڤ بەکاربهێنرێن یان وەك ئالیکی ئاژەڵ سوودیان لێ وەربگیرێت، ئەم بەروبوومانە بەهایەکی خۆراکیی و تەندروستیی گرنگیان هەیە و بەپلەی دووەم دێن لە دوای بەروبوومە دانەوێڵەییەکانەوە وەك سەرچاوەی کاربۆهیدرات، گرنگترین بەروبوومی سەلکداری ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە ( پەتاتە) کە لە گرنگترین بەروبوومە خۆراکییە سەرەکییەکانە لەجیهاندا، لە پلەی چوارەمدا دێت لەدوای (گەنم و برنج و گەنمەشامی)وە، لە ناو بەروبوومە ڕەگدارەکاندا زۆرترین ڕووبەری چێنراوی پێکهێناوە ( اخرون، ٢٠٢٠، ٢٨)، ئەم بەروبوومە لە پیشەسازییە خۆراکییەکاندا وەك کەرەستەی خاو بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی ( جبس و ئالیکی ئاژەڵ و هەندێك جۆر خواردنەوەی کحولی)، بەڵام لە ناوچەی توێژینەوەدا دیارترین بەکارهێنانی لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی (جبس)ە، وەك لە خشتەی (٧)دا ڕوونکراوەتەوە تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی پەتاتە لەماوەی توێژینەوەدا بریتی بووە لە (٥٠٠٠) تۆن و بەدرێژای ماوەی توێژینەوە بڕی بەرهەمەکەی زیاد و کەمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە بەبڕوای توێژەر پەیوەندی بەهەڵەی داتای تۆمارکراوی ئەم بەرهەمەوە هەبووە و لەچەند قەزایەکدا وەك پێویست ڕووبەری چێنراو و بڕی بەرهەمی بەهەمهاتووی تۆمارنەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی کەمترین بڕی بەرهەمی پەتاتەی بەرهەمهاتوو کەوتووەتە ساڵی (٢٠١٣)وە و بەرهەمەکەی بریتی بووە لە (٨٢٧)تۆن، وە زۆرترین بڕی بەرهەمی پەتاتەش لە ساڵی (٢٠٢١)دا بووە کە بڕەکەی بریتی بووە لە (١١٥٧١) تۆن هۆکاری ئەم زیادبوونەش پەیوەندی بەو ڕێکار و ڕێنماییانەوە هەبووە کە لەو ساڵانەی دواییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە ساڵانە

خشتەی (٧)

بڕی بەرهەمی پەتاتە بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێری | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | % | تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 104 | 76 | 110 | 104 | 345 | 897 | 273 | 5.45 | 39.5 | 5.37 |
| قەرەداغ | 0 | 0 | 69 | 7 | 69 | 7 | 25 | 0.51 | 3.7 | 0.50 |
| پێنجوێن | 0 | 104 | 1863 | 828 | 794 | 2553 | 1024 | 20.47 | 148.3 | 20.18 |
| سیدسادق | 0 | 0 | 690 | 1380 | 690 | 6900 | 1610 | 32.20 | 233.3 | 31.75 |
| شارەزوور | 476 | 483 | 317 | 449 | 311 | 759 | 466 | 9.31 | 67.5 | 9.18 |
| ماوەت | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| شارباژێر | 0 | 0 | 34 | 0 | 0 | 0 | 6 | 0.11 | 0.8 | 0.11 |
| دوکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڕانیە | 206 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 34 | 0.68 | 5.0 | 0.68 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پشدەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 48 | 0 | 8 | 0.16 | 1.2 | 0.16 |
| دەربەندیخان | 0 | 0 | 13 | 7 | 66 | 132 | 36 | 0.73 | 5.5 | 0.75 |
| چەمچەماڵ | 3036 | 165 | 2310 | 1683 | 1597 | 323 | 1519 | 30.38 | 230.2 | 31.32 |
| کۆی گشتی | 3821 | 827 | 5407 | 4457 | 3919 | 11571 | 5000 | 100 | 735 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی ڕووبەری و بڕی بەرهەمی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

لە ڕێگەی قەدەغەکردن و زیادکردنی باجەوە لە وەرزی پێگەشتنی بەرهەمی پەتاتەی ناوخۆدا ڕێگریی کردووە لە هاوردەکردنی بەرهەمی پەتاتەی ئێرانیی و تورکیی، بێگومان ئەمەش بووە بە هاندەرێک بۆ ئەوەی بڕی بەرهەمهێنانی پەتاتە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەگشتیی و ناوچەی توێژینەوە بەتایبەت ساڵ لە دوای ساڵ زیادبکات بەجۆرێك بەدرێژای ئەو ماوەی بڕی بەرهەمی پەتاتە بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ( ١١,٧٪) زیادیکردووە، لەڕووی دابەشبوونی جوگرافی بڕی بەرهەمەکەیەوە وەك لە خشتەی (٧) و نەخشەی (٦)دا دەرئەکەوێت قەزای سیدسادق بە پلەی یەکەم دێت بەجۆرێك تێکڕای ساڵانەی بەرهەمی پەتاتەی ئەم قەزایە (١٦١٠) تۆن بووە و ڕێژەی (٣٢,٢٠٪)ی بڕی بەرهەمی پەتاتەی بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قەزای سیدسادق لەسەر دەشتی شارەزوور و گونجاوی ئەم دەشتە بۆ بەرهەمهێنانی پەتاتەو حەز و خولیای جوتیارانیش بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بەرووبوومە ڕۆڵی هەبووە لەبەرهەمهێنانی ئەم بڕە زۆرە لە پەتاتە لەم قەزایەدا، پاشان قەزای چەمچەماڵ بەڕێژەی (٣٠,٣٨٪) و پێنجوێن بەڕێژەی (٢٠,٤٧٪) بە پلەی دووەم و سێیەم دێن لە ڕووی بڕی بەرهەمی پەتاتەوە، لەبەرامبەردا لە قەزاکانی ماوەت و دوکان هیچ بڕێك لە پەتاتە بەرهەم نەهاتووە، کە بەبڕوای توێژەر سەرەڕای ئاڵۆزی تۆبۆگرافیای ئەم قەزایانە هۆکاری مرۆیش کە خۆی ئەبینێتەوە لە حەز و خولیای جوتیاران ڕۆڵی هەبووە لە بەرهەم نەهێنانی ئەم بەرووبوومەدا بەجۆرێك هەندێك بەروبوومی تر بە ئابووریی دائەنرێت تاوەکو بەرهەم بهێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییانەی بەروبوومی پەتاتە وەك کەرەستەی خاو بەکارئەهێنن لە ناوچەی توێژینەوەدا جگە لە وەرزی هاوین لە تەواوی وەرزەکانی تردا سوود لە بەرهەمی پەتاتەی ناوخۆی ناوچەی توێژینەوە وەرئەگرن، کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشەوە و بەپشت بەستن بە نەخشەی (٦) ئەکرێت قەزاکانی ( سیدسادق و چەمچەماڵ و پێنجوێن) بکرێنە ناوەندی بەرهەم هێنانی ئەم بەروبوومە و ئەمەش ڕۆڵی ئەبێت لە ڕاکێشانی ئەو دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییانەی پشت بەم بەروبوومە دەبەستن.

نەخشــەی (٦) نواندنــی كارتۆگرافــی تێكــڕای ســاڵانەی بــڕی بەرهەمــی پەتاتــە لــە پارێــزگای ســلێمانی (٢٠١١-٢٠٢١)




سەرچاوە: كاری توێژەر بە بەكارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٧).

بەرووبوومە سەوزەواتەكان (تەماتە)

بەروبوومــە ســەوزەواتەكان ســەر بــە كۆمەڵــەی بەروبوومــە كێڵگەییــەكان و لــە هەمــان كاتــدا بەرهەمــی ئــەم بەروبوومانــە جیــاوازن لــە بەروبوومــە كێڵگەییەكانــی تــر، چونكــە بەرهەمەكانــی ئــەم بەروبوومــە پێویســتیان بــە پرۆســەی بەپیشەســازییكردن نییــە تاوەكــو بتوانرێــت وەك خــۆراك بەكاربهێنرێــن، بەڵكــو ئەكرێــت راســتەوخۆ وەك ســەرچاوەیەكی گرنگــی خۆراكیــی بەكاربهێنرێــن، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی بەرهەمهێنانیــان وەرزانەیــە و لــە هەمــوو ناوچەیەكــدا ناتوانرێــت بەرهــەم بهێنرێــن ئــەوا وەك كەرەســتەی خــاو لــە پیشەســازییە كشــتوكاڵییەكاندا ســوودییان لــێ وەرئەگیرێــت بــۆ بەرهەمهینانــی بەرهەمێكــی پیشەســازی خۆراكیــی گرنــگ تــا لــەو شــوێن و وەرزانــەدا بەكاربهێنرێــن، كــە شــوێن و وەرزی بەرهەمهێنانــی نییــە، زیادبوونــی خواســت لەســەر بەرهەمــی ئــەم جــۆرە بەروبوومانــە ( بەشــێوەی فرێشــی و بەرهەمــی پیشەســازیی) لــە هــەر كۆمەڵگەیەكــی مرۆییــدا

بەڵگەیە لەسەر بەرزیی ئاستی گوزەران و تەندرووستیی دانیشتوان، دیارترین بەروبوومی سەوزەواتیش لە رووی گرنگی ئابووریی و پیشەسازییەوە بریتیە لە بەروبوومی تەماتە (Tomato)، کە بە گرنگترین بەروبوومی سەوزەواتی هاوینە دائەنرێت و لەناو بەروبوومە سەوزەواتەکاندا پلەی یەکەمی گرتووە لەرووی بەکارهێنانیەوە لەلایەن دانیشتوانەوە، ئەم بەروبوومە لە پیشەسازییە خۆراکییەکاندا وەك کەرەستەی خاو بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی ( دۆشاوی تەماتە و هاوشێوەکانی و ئالییکی ئاژەڵ)، بەڵام لە ناوچەی توێژینەوەدا دیارترین بەکارهێنانی لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی (دۆشاوی تەماتە) بووە هەرچەندە لە ئێستادا بۆ ئەم مەبەستەش سودی لێ وەرناگیرێت، تێکرای ساڵانەی بڕی بەرهەمی تەماتە لە ناوچەی توێژینەوەدا وەك لە خشتەی (٨)دا روونکراوەتەوە لەماوەی توێژینەوەدا (٥٣٣١٩)تۆن بووە، وە بەدرێژای ماوەی توێژینەوە جگە لە ساڵی (٢٠١٣) بڕی بەرهەمەکەی زیادیکردووە، بەچەشنێك لە ساڵی (٢٠١١)دا بڕی بەرهەمەکەی (٤١٥١٧) تۆن بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٢١)دا بڕی بەرهەمەکەی زیادیکردووە بۆ (٩٣٦٠٥) تۆن، واتە رێژەی گەشەی ساڵانەی بەرهەمەکەی ( ٨,٤٧٪) بووە، بێگومان هۆکاری ئەم زیادبوونەش بەپلەی

خشتەی (٨)

بڕی بەرهەمی تەماتە بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێری | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکرای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | ٪ | تێکرای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 995 | 2444 | 2339 | 1693 | 1990 | 1047 | 1751 | 3.28 | 501.7 | 3.28 |
| قەرەداغ | 140 | 1571 | 2618 | 2095 | 1746 | 698 | 1478 | 2.77 | 423.3 | 2.77 |
| پێنجوێن | 26479 | 14662 | 35259 | 32466 | 35085 | 81236 | 37531 | 70.39 | 10750.8 | 70.27 |
| سیدسادق | 1222 | 873 | 628 | 1100 | 1484 | 3508 | 1469 | 2.76 | 420.8 | 2.75 |
| شارەزوور | 524 | 94 | 66 | 157 | 77 | 209 | 188 | 0.35 | 53.8 | 0.35 |
| ماوەت | 139 | 818 | 244 | 575 | 174 | 383 | 389 | 0.73 | 111.7 | 0.73 |
| شارباژێر | 4701 | 4631 | 3308 | 3830 | 2089 | 2298 | 3476 | 6.52 | 998.3 | 6.53 |
| دوکان | 1132 | 2117 | 2208 | 4353 | 3325 | 1201 | 2389 | 4.48 | 686.2 | 4.48 |
| ڕانیە | 956 | 730 | 904 | 782 | 695 | 139 | 701 | 1.32 | 201.7 | 1.32 |
| پشدەر | 2051 | 1877 | 1808 | 1773 | 1495 | 782 | 1631 | 3.06 | 469.2 | 3.07 |
| دەربەندیخان | 17 | 68 | 41 | 17 | 20 | 7 | 28 | 0.05 | 8.3 | 0.05 |
| چەمچەماڵ | 3163 | 3047 | 1627 | 1505 | 2286 | 2096 | 2287 | 4.29 | 673.3 | 4.40 |
| کۆی گشتی | 41517 | 32932 | 51049 | 50345 | 50465 | 93605 | 53319 | 100 | 15299.2 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی رووبەری و بڕی بەرهەمی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

یەکەم ئەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی بڕی بەرهەمی تەماتەی قەزای پێنجوێن چونکە ئەم قەزایە بە پلەی یەکەم دێت لەرووی بەرهەمی تەماتەوە و تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمەکەی بریتی بووە لە (٣٧٥٣١)تۆن و ڕێژەی (٧٠,٣٩٪)ی بڕی بەرهەمی تەماتەی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمی تەماتەی پێنجوێنیش ئەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی خاك و پلەی گەرمیی پێنجوێن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بەرووبوومە بەجۆرێك کوالیتی بەروبوومەکەی زۆرباشە و خواستێکی زۆری لەسەرە لە ناوخۆی ناوچەی توێژینەوەدا و تەنانەت بەشێکی بەرهەمەکەشی ڕەوانەی ناوەڕاست و باشوری عێراق ئەکرێت، هەروەها دامەزراندنی کارگەی دۆشاوی تەماتەی شارەزوور لە پارێزگای هەڵەبجە و هاوسنووری لەگەڵ قەزای پێنجوێن و وەرگرتنی بەرهەمی تەماتەی جوتیارانی ئەم قەزایە لەو کارگەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەبەرزبوونەوەی بەرهەمی تەماتەی ئەم قەزایەدا، لە بەرامبەردا هەریەك لە قەزاکانی ( دەربەندیخان و شارەزوور و ماوەت) بەرێژەی (٠,٠٥٪) و (٠,٣٥٪) و (٠,٧٣٪) کەمترین بەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی بڕی بەرهەمی تەماتەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، کەواتە ئەم بەروبوومە کێڵگەییە سەرەڕای گرنگیەکەی لە رووی پیشەسازییەوە بەڵام نەتوانراوە لە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانیی دا سوودی لێ وەربگیرێت و نەبووەتە هۆکاری راکێشانی ئەو پیشەسازییە کشتوکاڵییانەی پشت بەم بەروبوومە ئەبەستن وەك کەرەستەی خاو، بەڵام وەك لە نەخشەی (٧)دا روونکراوەتەوە ئەکرێت قەزای پێنجوێن بکرێتە ناوچەی دامەزراندنی ئەو پیشەسازییە کشتوکاڵییانەی پشت بە بەرهەمی تەماتە ئەبەستن بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە جیاوازەکان.

نەخشەی (٧) نواندنی کارتۆگرافی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی تەماتە لە پارێزگای سلێمانی (٢٠١١- ٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٨).

بەرووبوومە ئالییکیەکان (Forage Crops)

بەرووبوومـە ئالییکیـەکان لـەو بەروبوومـە رووەکیانـەن گرنگیەکـی زۆریـان هەیـە لەپرۆسـەی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵییدا، چونکـە ئـەم جـۆرە بەروبوومانـە خۆراکیـی سـەرەکین بـۆ ئـەو ئاژەڵانـەی لەلایـەن مرۆڤـەوە بەخێودەکرێـن و لـەرووی ئابورییـەوە سـودییان لـێ وەرئەگیرێـت، بەشـێوەیەکی گشـتی بەروبوومـی ئالییـك ئەکرێـت بـەدوو جـۆرەوە ئەوانیـش ( ئالییکـی وشـك و ئالییکـی سـەوز)، کـە ئالییکـی وشـك زیاتـر لـە پاشـماوەی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکانی تـر بەرهـەم ئەهێنرێـت، بـەڵام ئالییکـی سـەوز یـان لـە بەشـی ڕووەکـی بەرووبوومـە کشـتوکاڵییەکانی تـر بەسـەوزی (سـیلاج) بەهەمدەهێنرێـت یـان بریتیـە لـە چەنـد بەروبوومێکـی ڕووەکـی جیـاواز کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئەچێنرێـت و بەرهەمدەهێنرێـت ( مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم تـەوەرە ئالییکـی سـەوزە)، کەواتـە ئەتوانرێـت بوترێـت ئالییکـی سـەوز بریتیـە لـە هەربەشـێکی بەروبوومـە ڕروەکییـەکان کـە گونجاوبێـت بـۆ ئـەوەی ئـاژەڵ وەك خـۆراك سـوودی لـێ وەربگرێـت، یـان ئەکرێـت بڵێیـن ئالییکـی سـەوز بریتیـە لـەو رووەکـەی بـە مەبەسـتی سـود وەرگرتـن لـە بەشـێکی یـان هەمـووی وەك خۆراکیـی ئـاژەڵ ئەچێنرێـت ئیـتر چ بەشـێوەی راسـتەوخۆبێت یـان بـە تێکەڵکردنـی بێـت لەگـەڵ بەروبوومـە دانەوێڵەییـەکان، زۆربـەی جـۆری بەروبوومـە ئالییکیـەکان سـەر بەخێزانـی بەروبوومـە پاقلەمەنییەکانـن (العـزاوي، ٢٠٢١، ١٣)، دیارتریـن بەروبوومـی ئالییکـی ناوچـەی توێژینـەوەش بـۆ مەبەسـتی بەرهەمهێنانـی ئالییکـی ئـاژەڵ بچێنرێـت بریتیـە لـە وێنجـە، کـە سـودی لـێ وەردەگیرێـت بـۆ بەرهەمهێنانـی ئالییکـی تێکەڵـە لەرێگـەی تێکەڵکردنـی هەندێـك بەروبوومـی دانەوێڵـەی تـرەوە، تێکـڕای ساڵانەی بـڕی بەرهەمـی وێنجـە لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا وەك لـە خشـتەی (٩)دا رونکراوەتـەوە بریتـی بـووە لـە (١١٧٠)تـۆن و بەدرێـژای مـاوەی توێژینـەوە بـڕی بەرهەمەکـەی زیادیکـردووە بەرێـژەی گەشـەی سـاڵانەی (١٤,٨٪) ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ گرنگـی و بایەخـی ئـەم بەرووبوومـە لـە ئامادەکردنـی ئالییکـی ئاژەڵـدا و بەکارهێنانـی بەشـێوەیەکی فـراوان، سـەبارەت بـە دابەشـبوونی

خشتەی (٩)

بڕی بەرهەمی وێنجە بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێڕی | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | ٪ | تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 212 | 100 | 100 | 200 | 519 | 999 | 383 | 32.7 | 95.8 | 32.2 |
| قەرەداغ | 0 | 0 | 0 | 4 | 8 | 4 | 3 | 0.2 | 0.7 | 0.2 |
| پێنجوێن | 120 | 200 | 200 | 160 | 180 | 76 | 136 | 11.6 | 34 | 11.4 |
| سیدسادق | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| شارەزوور | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ماوەت | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| شارباژێر | 98 | 644 | 644 | 449 | 410 | 390 | 423 | 36.1 | 108.3 | 36.5 |
| دوکان | 0 | 98 | 98 | 39 | 16 | 20 | 29 | 2.4 | 7.3 | 2.5 |
| ڕانییە | 0 | 117 | 117 | 272 | 311 | 214 | 178 | 15.2 | 45.8 | 15.4 |
| پشدەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| دەربەندیخان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| چەمچەماڵ | 4 | 0 | 0 | 19 | 64 | 19 | 20 | 1.7 | 5.2 | 1.7 |
| کۆی گشتی | 433 | 1157 | 1157 | 1142 | 1507 | 1721 | 1170 | 100 | 297.2 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کشـتوکاڵیی سـلێمانی، بەشـی ئامـار و پلاندانـان، زانیاریـی دەربـارەی رووبـەری و بـڕی بەرهەمـی بەرووبوومـە کشـتوکاڵییەکانی پارێـزگای سـلێمانی بـۆ مـاوەی سـاڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)، زانیاریـی بڵاونەکـراوە، ٢٠٢٢.

جوگرافـی بـڕی بەرهەمـی ئـەم بەروبوومـە وەك لـە خشـتەی (٩) و نەخشـەی (٨)دا دەرئەکەوێـت قـەزای شـارباژێڕ بـە پلـەی یەکـەم دێـت و رێـژەی (٣٦,١٪)ی بـڕی بەرهەمـی وێنجـەی ناوچـەی توێژیینـەوەی تیـا بەرهەمهاتـووە و قـەزای سـلێمانی بەرێـژەی (٣٢,٧٪) بـە پلـەی دووەم دێـت، پاشـان هەریـەك لـە قەزاکانـی ( سیدسـادق و شـارەزوور و مـاوەت و پشـدەر و دەربەندیخـان) هیـچ بەرهەمێکـی وێنجەیـان نەبـووە، هـۆکاری ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی بەشـێك لـەم قەزایانـە سـوود لـە بەرهەمـی سـێپەڕە یـان سـەرچاوەی ئالیکـی تـر بەتایبـەت پاشـماوەی بەرووبوومـە دانەوێڵەییـەکان وەرئەگـرن، بـەڵام ئـەو دامـەزراوە پیشەسـازییە کشـتوکاڵییانەی ئالییکـی ئـاژەڵ بەرهـەم ئەهێنـن لـە ناوچـەی توێژیینـەوەدا سـود لـە بەرهەمـی وێنجـەی ناوخۆیـی وەرئەگـرن لەگـەڵ هەندێـك بەروبوومـی دانەوێڵەیـی ناوخۆیـی یـان هەندێـك بەروبوومـی هاوردەکـراو بەتایبـەت گەنمەشـامی هـاڕاو، وەك لـە نەخشـەی (٨)دا روونکراوەتـەوە ئەکرێـت لـە پارێـزگای سـلێمانی دا لـە قەزاکانـی (شـارباژێڕ و سـلێمانی) بەرهەمـی وێنجـە ببێتـە هـۆی راکێشـان و جێگیربوونـی ئـەو جـۆرە پیشەسـازییانەی ئالییکـی ئـاژەڵ بەرهـەم ئەهێنـن.

نەخشەی (٨)نواندنی کارتۆگرافی تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی وێنجە لە پارێزگای سلێمانی (٢٠١١- ٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Gis ١٠,٢) پشتبەستبە خشتەی (٩).

## بەرووبوومە ریشاڵییەکان ( Fibre Crops)

مەبەست لە بەروبوومە ریشاڵییەکان بریتیە لەو بەروبوومانەی مرۆڤ ئەیچێنێت بە ئامانجی دەستکەوتنی ریشاڵیی رووەکیی بۆ دروستکردنی ئەو کەلوپەلانەی پێویستی پێیەتی بەتایبەت جل و بەرگ، ئەم بەروبوومانە لە رووی گرنگی ئابوورییەوە بە پلەی دووەم دێن لەدوای بەروبوومە خۆراکییەکانەوە (البرازي و المشهداني، ٢٠٠٠، ١٨٠)، دیارترین بەروبوومی ریشاڵی بریتیە لۆکە (Cotton)، کە بەیەکێك لە گرنگترین بەروبوومە کشتوکاڵییە پیشەسازییە (Industrial Crops) هاوینەییەکان دادەنرێت، تۆوەکەی داپۆشراوە بە ریشاڵیی سپی و بەکاردێت بۆ دروستکردنی قوماش و دەزوو چەندین بەرهەمی تر، لە هەمان کاتدا وەك بەروبوومێکی زەیتیی تەماشا ئەکرێت و زۆر جار بە ئامانجی بەرهەمهێنانی ڕۆنی زەیتی دەچێنرێت و ئەبێتە سەرچاوەیەکی خۆراکیی گرنگ بۆ مرۆڤ، ئەم بەروبوومە دیارترین بەرووبوومە کشتوکاڵییە کێڵگەییە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەیە، کە بەرهەمهێنانی خەریکە بەتەواوی نامێنێت سەرەڕای گرنگیی و بایەخی ئابوورییەکەی، بەجۆرێك بەدرێژای ماوەی توێژینەوە تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەمی لۆکە وەك لە خشتەی (١٠)دا خراوەتەڕوو بریتی بووە لە (٢,٨) تۆن و ساڵ لە دوای ساڵ بڕی بەرهەمەکەی کەمبووەتەوە بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠١١)دا بڕی بەرهەمەکەی (٤,١) تۆن بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢١) دا کەمی کردووە بۆ (٠,٧) تۆن واتە بە رێژەی گەشەی ساڵانەی ( - ١٦,٢٠٪) کەمیکردووە، بەبڕوای توێژەر هۆکاری لاوازیی بەرهەمهێنانی ئەم بەروبوومە سەرەڕای کەمیی بڕی ئاوی پێویست، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازی کشتوکاڵیی بەتایبەت (ڕستن و چنین)ی بەهێز لە ناوچەی توێژینەوەدا بوونی نییە کە پشت بە بەرهەمی لۆکە ببەستێت و تەنها چەند پیشەیەکی دەستیی (پیشەیی) هەیە وەك (هەلاج) کە رۆژ لەدوای ڕۆژ خواست لەسەر بەرهەمی ئەمانیش کەم ئەبێتەوە بەهۆی هاوردەکردنی چەندین جۆر بەرهەم و کاڵای دروستکراوی دەرەکیی کە نرخەکەیان هەرزانترە وەك لەوەی لە ناوخۆدا بەرهەم ئەهێنرێت، لەرووی دابەشبوونی جوگرافیایی بڕی بەرهەمەکەیەوە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوە تەنها لە قەزای پشدەر ئەم بەروبوومە بەرهەمهاتووە، واتە رێژەی (١٠٠٪) ی بەرهەمی لۆکەی بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی ئەکەوێتە قەزای پشدەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕەی بەرهەمهاتووە زۆر کەمە و بەشی پێداویستی ناوخۆی پیشەسازیی پیشەیی وەك (هەلاج)ی شارێکیش ناکات، لەبەر ئەوە ئەم بەروبوومە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەگەر شێوازی بەرهەمهێنانی بەو شێوەیەی پێشتر بێت ئەوا بڕی بەرهەمەکەی نابێت بە فاکتەری راکێشان و دامەزراندنی دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییە پشت بەستووەکان بەم بەروبوومە و بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەگشتیی دائەنرێت.

خشتەی (١٠)

بڕی بەرهەمی لۆکەی بەرهەمهاتووی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)

| یەکەی کارگێری | ٢٠١١ | ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٧ | ٢٠١٩ | ٢٠٢١ | تێکڕای ساڵانەی بڕی بەرهەم/ تۆن | % | تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| قەرەداغ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پێنجوێن | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| سیدسادق | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| شارەزوور | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ماوەت | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| شارباژێر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| دوکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڕانیە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پشدەر | 4.1 | 3.7 | 2.4 | 4.8 | 1.4 | 0.7 | 2.8 | 100 | 8.3 | 100 |
| دەربەندیخان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| چەمچەماڵ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 4.1 | 3.7 | 2.4 | 4.8 | 1.4 | 0.7 | 2.8 | 100 | 8.3 | 100 |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی ڕووبەری و بڕی بەرهەمی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ - ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

## دەرئەنجام:

لە ڕووی مەڵبەندەکانی بەرهەمهێنانی بەروبوومە کێڵگەییە پیشەسازییەکانەوە هەرچەندە جیاوازیی هەیە لەنێوان یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکەدا بەپێی جۆری بەروبوومەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی قەزاکانی ( چەمچەماڵ و سلێمانیی) بە گرنگترین و دەوڵەمەندترین ناوچەی بەرهەمهێنانی ئەم بەروبوومانە دادەنرێن، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ڕووبەری زەویی شیاو بۆ کشتوکاڵکردن لەم دوو قەزایەدا، لە بەرامبەردا قەزاکانی ( ماوەت و دەربەندیخان و شارەزوور) هەژارترین قەزاکانی ئەم پارێزگایەن بۆ ئەم جۆرە بەروبوومانە بەشێکی هۆکارەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی تۆبۆگرافیا و کەمی زەویی شیاو بۆ کشتوکاڵکردن لەم قەزایانەدا.

بەدرێژای ماوەی توێژینەوە لە پارێزگای سلێمانی دا بڕی بەرهەمی بەروبوومە کێڵگەییەکان جگە لە بەروبوومی لۆکە زیادیکردووە، هۆکاری ئەم زیادبوونەش ئەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی ئەم جۆرە بەروبوومانە بە تایبەت وەك کەرەستەی خاو لە دامەزراوە پیشەسازییە کشتوکاڵییەکاندا.

سەرەرای گرنگیی و بایەخی ئابووریی و پیشەسازیی بەروبوومی تەماتە و بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر لەم بەروبوومە لە ناوچەی توێژینەوەدا، بەڵام هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازیی کشتوکاڵیی لە پارێزگاکەدا بوونی نییە تا سوود لەم بەروبوومە وەربگرێت بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە پیشەسازییەکان.

بەشێوەیەكی زانستیی و ورد داتاكانی تایبەت بە تەواوی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان بەگشتیی و بەروبوومە پیشەسازییەكان بە تایبەت تۆمارنەكراون لە هەندێك یەكەی ئیداری (قەزا)ی ناوچەی توێژینەوەدا، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لەسەر ئەوەی نەتوانرێت بەشێوەیەكی تەواو بارودۆخ (واقع)ی ئەو یەكە كارگێڕییانە لەڕووی بەرهەمهێنانی ئەم بەروبوومانەوە ڕوونبكرێتەوە.

پێشنیار:

كاركردن بۆ بەرزكردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی زەوییە كشتوكاڵییەكان بەگشتیی و زیادكردنی چالاكی بەرهەمهێنانی بەروبوومە كێڵگەییە پیشەسازییەكان تا كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی پیشەسازییە كشتوكاڵییەكان هەبێت.

لەكاتی دامەزراندنی پیشەسازیی كشتوكاڵیی نوێ و پەرەپێدانی دامەزراوە كۆنەكاندا ڕەچاوی بارودۆخی (واقع)ی بڕی بەرهەمی ئەم جۆرە بەروبوومانە بكرێت و هەر قەزایەك دەوڵەمەندترە بەم بەروبوومانە ئەوا زیاتر لە پێشتربێت بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە پیشەسازییانە.

هاندانی جوتیاران بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بەرووبوومە كێڵگەییە پیشەسازییانەی بەرەو لە ناوچوون دەچن بەتایبەت بەروبوومی لۆكە، چونكە كەمبوونەوە و نەمانی ئەم بەروبوومە كاریگەریی ئەبێت لەسەر نەمانی پیشەسازییە كشتوكاڵییە ناخۆراكییەكان.

زیادكردنی ڕێژەی باج لەسەر بەروبوومە كێڵگەییە پیشەسازییە هاوردەكراوەكان لە پێناو زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی و هاندان بۆ زیادكردنی ڕووبەری چێنراو و بڕی بەرهەم.

چارەسەركردنی تەواوی ئەو كێشانەی پەیوەستن بە كەرتی كشتوكاڵیی و پیشەسازییەوە لە پێناو بەدیهێنانی پرۆسەی تەواوكاری كشتوكاڵیی - پیشەسازیی، كە بەروبوومە كێڵگەییە پیشەسازییەكان بەشێكی گرنگی ئەم تەواوكارییە.

## التحليل الجغرافي لدور المحاصيل الحقلية الصناعية في تنمية الصناعات الزراعية في محافظة السليمانية

## الملخص

تعد المحاصيل الحقلية الصناعية جزءا مهما من المحاصيل الزراعية في محافظة السليمانية، و ذلك بسبب تأمين المواد الخام الضرورية للصناعات الزراعية، هذا يعني الأرتباط الوثيق بين تطور و تنمية الصناعات الزراعية و تنمية و تطور القطاع الزراعي و المحاصيل الحقلية الصناعية، من هذا المنطلق تهدف الدراسة الى توضيح أثر كمية انتاج المحاصيل الحقلية الصناعية على تنمية المؤسسات الصناعية الزراعية في منطقة الدراسة و للوصول الى هذا الهدف تم استخدام المناهج العلمية التالية ( المنهج التحليلي و الوصفي و الأحصائي) لتحليل المعلومات و الأحصائيات الرسمية المسجلة، توصلت الدراسة الى مجموعة من الأستنتاجات، أهمها أزدياد انتاج جميع المحاصيل الصناعية على مدى فترة الدراسة بأستثناء محصول القطن، ذلك بسبب الطلب المستمر على تلك المحاصيل من قبل المؤسسات الصناعية الزراعية و كذلك لكون جميع المحاصيل الصناعية تشكل مادة خام أساسية لأنتاج الموارد الغذائية بأستثناء محصول القطن، هذا بحد ذاتة يبرهن ضعف الصناعات الزراعية اللا غذائية في محافظة السليمانية، ان الأستنتاجات التي توصل اليه البحث تشكل عاملا مساعدا بمعلومات عند انشاء و توطين الصناعات الزراعية و أخذ عامل التوزيع الجغرافي لانتاج المحاصيل الزراعية بعين الاعتبار في الوحدات الأدارية و التي تشكل وحدات ادارية رئيسية في الأنتاج للأنشاء و توطن هذا النوع في الصناعة و العمل على حث الفلاحين على مزاولة زراعة القطن في الجديد بأعتباره يشكل أهم المحاصيل الحقلية الصناعية.

**الكلمات المفتاحية: المحاصيل الحقلية، الصناعات الزراعية، التنمية الصناعية، المحاصيل، محافظة السليمانية.**

## Geographical analysis of the role of industrial field crops in the development of agricultural industries in the province of Sulaymaniyah

## Abstract:

The products of the industrial fields are an essential part of the agriculture sector of Sulaymaniyah governorate because of their role in providing raw materials for the industrial agriculture establishments. Hence, the growth and development of the Agriculture industry has a strong relationship with the growth and development of the agriculture sector and their products. The study aims to explain the impact of the products of industrial fields on the development of the agricultural industry establishments in the study area .For this purpose, the method of descriptive, statistical and comparative analysis was utilised. Governmental data and information records were obtained and put into a geographical information system program (GIS) to represent the cartography of the maps, at the end of the analysis, the research reached some results. The most important of which was that throughout the research period, except for the products of cotton, the amount of the products saw an increase and the reason is the increase in demand for those products in the agriculture industry. Also, in the research area, all the products of the industrial fields, except for cotton, is used as a raw materials for producing food. These productions are relied on in the agriculture industry which is evident of the weakness of the non-food agriculture industries in Sulaymaniyah province. Of course, the result of this research will be crucial in the future when establishing these kinds of industries, the geographical aspect of producing these agricultural products should be considered. The administrative districts in charge of producing these kinds of products should be developed further and farmers should be encouraged to reproduce cotton, which is one of the most important crops in the industry.


**Key words: Field crops, agricultural industry, development of production, Sulaymaniyah province**

## سەرچاوەکان:


یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکان:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، بەشی ئامار و پلاندانان، زانیاریی دەربارەی رووبەری و بڕی بەرهەمی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠١١ – ٢٠٢١)، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و پێکهاتە و ڕووبەرییان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢١.

چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: دلێر عثمان علی، سەرۆکی ئەندازیاریی پێشکەوتوو، لێپرسراوی هۆبەی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵیی سلێمانی، ڕێککەوتی ٢٠٢٢/١١/٦.

دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

پەرتووکی زانستی:

عثمان و اخرون، سيف عبدالخالق (٢٠١٠)، أساسيات انتاج المحاصيل الحقلية ( الجزء النظرى)، الطبعة الأولى، وزارة التعليم الفنى و التدريب المهنى، الجمهورية اليمنية.

الجاسم، كاظم عبادي حمادي(٢٠٢١)، الأطلس الزراعي لمحافظة ميسان، مطبعة دار النباهة، ميسان.

هارون، علي أحمد(٢٠٠٠)، جغرافية الزراعة، الطبعة الأولى، دار الفكر العربي، القاهرة.

العكيلى، محمد حبيب(٢٠٢١)، جغرافية الزراعة، الطبعة الأولى، مكتبة دجلة للطباعة و النشر، بغداد.

الغراوي، على كامل(١٩٥٦)، مقدمة في علم نبات المحاصيل، مكتبة الأنجلو المصرية، مصر، ١٩٥٦.

عبدالرزاق، صبحي أحمد الدليمي و عبدالسلام عارف(٢٠٢٠)، جغرافية الزراعة، الطبعة الآولى، دار أمجد للنشر و التوزيع، عمان.

المشهداني، نورى خليل البرازي و ابراهيم عبدالجبار(٢٠٠٠)، الجغرافية الزراعية، طبعة الثانية، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة موصل.

تێزی زانستی:

محمد، فارس مهدي(٢٠٠٦)، الصناعات الغذائية الكبيرة في العراق، أطروحة دكتوراه، جامعة البصرة، كلية الآداب، غير منشورة.

الشيلاوي، سلمى عبدالرزاق(١٩٩٨)، الصناعات الغذائية في محافظات الفرات الوسط، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، غير منشورة.

العزاوي، ياسر لفتة حسين(٢٠٢١)، الصناعات العلفية في محافظة أربيل دراسة في جغرافية الصناعة، أطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الأنسانية، جامعة ديالي.

توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان:

الطاهر و اخرون، فيصل محبس (٢٠١٤)، قابلية محصول زهرة الشمس على تعويض نقص الحاصل عند فقدان النباتات في نسب و مواعيد مختلفة، مجلة المثنى للعلوم الزراعية، المجلد ٢، العدد ١.

السيد، رمضان مصري هلال و عبدالواحد عبدالحميد(بدون اشارة الى سنة طبع)، المحاصيل الزيتية و المعاملات الزراعية و مكافحة الآفات، دار المعارف للطباعة و النشر، سلسلة المعارف الزراعية.

بوراس و آخرون، متيادي (٢٠٢٠)، تأثير المعاملة بمركب هيومات البوتاسيوم في نمو وانتاجية البطاطا تحت ظروف المنطقة الساحلية، المجلة السورية للبحوث الزراعية، العدد ٧(٥)، تشرين الأول.

بڵاوکراوەی نێودەوڵەتی:

تقرير اللجنة الأقتصادية و الأجتماعية لغرب اسيا(٢٠٠٣)، التكنلوجيا السليمة بيئيا في صناعة الأغذية، الأمم المتحدة، نيورك.